هێرۆ ...

# دائیرەکان

بۆ ئەم مانگە بڕیارم دابووکە لەسەر فەرمانبەر و فەرمانگەکان بنووسم، کۆمپیوتەرەکەمم داگیرساند، دائیرە بچووکەکەی کردنەوەی بەرنامەکان دەرچوو، لەوە ئەچوو کە پێم بڵێت، ناوی دائیرەکان لەناوی منەوە هاتووەو وابزانم راستیشە. بەڵام لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەو دائیرە بچووکە نەبوایە قەد خەیاڵم بۆ ئەوە نەئەچوو.

چەندم کرد و چەندم کۆشا هەم لەبەر هەڵامەتە سەختەکەی کە گرتوومەو هەمیش لەبەر سەرقاڵیم هیچم پێ نەنوسرا. ئەم ئێوارەیە تەلەفۆنیان بۆ کردم لەخاکەوە کە ئیتر ئاخر ئینزارم درایێ، منیش پێم وتن بەخوا باوەڕ ناکەم هیچم پێ بنووسرێت. ئەگەر کاریکاتۆرێك، یان ریکلامێك بۆ پاراستنی ژینگەو یانیش ریکلامێك بۆ گەورەیی رۆڵی پۆلیس و ئاساییش دابنێن. تەلەفۆنیان بۆ کردمەوە، کە کاتیان بۆ درێژکردومەتەوە هەتا سبەینێ سەرلەبەیانی.

هەر هیچ نەهات، لورە لوری رەشەبا دەستی پێکرد. پەردەکان بەپەنجەرەی داخراوەوە کەوتنە بەرزو نزمبوونەوە، گرمو هوڕی دەرگای تەنکیەکان ودشی سەتەلایتەکان زاڵبوون بەسەر دەنگی تەلەفونەکەشا. یەکسەر پۆلیس و ئاساییشەکان و مرورەکانی سەر شەقامەکانم بیرکەوتەوە، پێشمەرگەکانم بیرکەوتەوە کە ئێستا لە واجبان و لەبەر ئەو سەرماو رەشەبایەیا ئاساییش و ئارامی شارەکەمان ئەپارێزن. بەو مووچە کەمەشیانەوە کە بەتەواوەتی بژێوی ژیانی ماڵ و مناڵیان دابین ناکات. بەداخەوە چۆن خەڵکانێکیش هەن کە ئیجازە بەخۆیان ئەدەن کە بێ رێزی بەرامبەریان بکەن.

ئەگەر هەریەکەمان بۆ ساتێك خۆمان لەبری پۆلیسی هاتووچۆ دانێین، و بە ویژدانەوە بیربکەینەوە تا چەند ئەتوانین لەبەر گەرمیی هەتاوو ساردی باوو بۆران وەکو ئەوان رابوەستین. لەو باوەڕەیام کە زۆر کەممان بتوانین!!

کەچی کە سەیارەش رائەگرن لەسەر سەرپێچی خاوەن سەیارەکان بێ رێزیان لەگەڵا ئەکەن کە ئەمە بەڕاستی تاوانە.

من هەمیشە گوێم لەگلەیی هاووڵاتیان بووە لەدەست فەرمانبەران، بەڵام کەمتر گوێم لەگلەیی فەرمانبەران ببوو، لە کەمیی بڕی مووچەکانیان زیاتر، کەمتر گوێم لەباقی کێشەکانیان ببوو. بەڵام کە لەنزیکەوە ناسیمن ئینجا بە کێشەکانیانم زانی. کێشەی بینایان هەیە، زۆربەی فەرمانگەکان لەخانووی کرێیان، کە ئاشکرایە خانووی کرێ بەکەڵکی دائیرە نایەت، کێشەی کۆنیی قانونەکانیان هەیە، چونکە هەندێك لەو قانونانە ئەوەندە کۆنن هی سەردەمانێکن کە سلێمانی حەوت گەڕەك بووە. کێشەی بێ پاسەوانیان هەیە، کێشەی کارەبایان هەیە، کێشەی لێك تێنەگەیشتنیان هەیە لەگەڵ هاووڵاتیانا کە زۆربەی کێشەکان قانونەکان دروستیان ئەکەن.

رووبەڕووی کێشەی توندو تیژی ئەبنەوە لەلایەن هەندێك لەهاووڵاتیانەوە. خوشکێك بۆی گەڕامەوە کە رۆژێکیان تەنیا مێزەکەی پاراستویەتی لەهاووڵاتیەکی تووڕە، ئەمە جگە لەکێشەی هاتووچۆ، وکێشەی دەست بەستنەوەیان بەپێی رێنماییەکان و قانونەکان، جگە لەخراپی ئەساسی فەرمانگەکانیان. سەیرتریش ئەوەیە کە قەد جگە لەڕەخنەلێگرتنیان لەخەڵکەوەوچ لەبەرپرسانیانەوە، وشەی دەستخۆشیش نابیستن.

بەڵام کارەکانیان خۆش ئەوێت و هەوڵ ئەدەن کە فەرمانگەکانیان پێش کەوێت، هەندێکم ناسی کە بەقەد ماڵی خۆی حەزی بەگەشەکردنی فەرمانگەکەیەتی و هەوڵیشی بۆداوەو کۆڵیشی نەداوە لەهەوڵدان.

من لێرەوە زۆر زۆر دەستخۆشی لەفەرمانبەران ئەکەم و پێیان ئەڵێم خوا نمونەی و دڵسۆزوچالاکەکانتان زیادبکات، وئەوانەشتان کە لەترسی ئەو کۆتوبەندانەی کە بەسەرتاندا سەپێنراوە سەری خۆتانتان کزکردووە. خوای گەورە هیمەت و ئازایەتی و ئازادیتان بداتێ.